Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian.1006

# ڕۆڵی شیعری ئەحمد موختار جاف لە بزووتنەوەی ڕووناکبیری کوردیدا

**فازیل مەجید مەحمود[1] ، سەردار فایەق مەجید[2]**

1 زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان، بەشی کوردی

2 زانکۆی گەرمیان، کۆلێژی زمان و زانستەمرۆڤایەتیەکان ، بەشی کوردی

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە کەناونیشانی(ڕۆڵی شیعری ئەحمد موختار جاف لەبزووتنەوەی ڕووناکبیری کوردیدا)یە، هەوڵدەدات زاراوە و چەمك و مێژووی ڕووناکبیری وەکو دیاردەیەکی ئەدەبی بخاتە بەرباس و توێژینەوە، ئەو شیعرانەی (ئەحمەد موختار جاف / 1898-1935)، کەسیما و تایبەتمەندی ڕووناکبیریان پێوە دیارە، لەڕێیانەوە گەلی کوردی هوشیارکردووەتەوە.

پلانی توێژینەوەکە لەپێشەکی و دوو بەش و ئەنجامێك پێکهاتووە، بەم شیوەیە :بەشی یەکەم بەناونیشانی (زاراوە و چەمك و مێژووی ڕووناکبیری)، ڕوونکراوەتەوە، بەشی دووەم بەناونیشانی (ڕۆڵی شیعری ئەحمەد موختار جاف لەبزووتنەوەی ڕووناکبیری کوردیدا)، ڕوونکراوەتەوە، لێرەدا تیشك خراوەتە سەر ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەحمەد موختار جاف کە خەسڵەتی ڕووناکبیرییان لەخۆگرتووە، لەکۆتاییدا ئەنجامەکان خراونەتەڕوو کەتوێژینەوەکە بەدەستی هێناون.

***Article Info***

Received: January, 2019

Revised:February,2019

Accepted:April,2019

***Keywords***

ڕووناکبیری، هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا، پێشکەوتن، ئازادی، ڕەخنەگرتن .

***Corresponding Author***

Fazil.Majid@univsul.edu.iq

## پێشەکی:

ئەم توێژینەوەیە، کە لە ژێر ناونیشانی ڕۆڵی شیعری ئەحمەد موختار جاف لە بزوتنەوەی ڕووناکبیری دایە، توێژینەوەیەکە دەربارەی بەشێك لەو شیعرانەی کە خەسڵەتی ڕووناکبیرییان پێوە بەدی دەکەین، لەبەرئەوەی شاعیر لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ژیاوە، ئەو سەردەمەش سەردەمی کێشمەکێش و داگیرکاری کوردستان بووە لە لایەن وڵاتە زلهێزەکانەوە، هەربۆیە شاعیر زیاتر هەوڵی ڕووناکبیر کردن و چاوکرانەوەی کۆمەڵگای داوە ئەمەش لە ڕێگەی ناوەڕۆکی شیعرەکانیەوە زۆر بە ڕوون و ڕەوانی ئاستی ڕووناکبیری شاعیر بەدەردەکەوێت زۆر جاریش لەڕێگەی ڕەخنە گرتنەوە هەوڵی داوە کۆمەڵگا هۆشیار بکاتەوە لە مەسەلەی نەتەوایەتی و خوێندن و زانیاری، کە ئەم چەمکانەش لە تایبەتمەندییەکانی ڕووناکبیرییە.

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی مێژووی وەسفی شیکاریمان پەیرەو کردووە.

هەڵبژاردنی ئەم بابەتەش بۆ دوو هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە، کە ئەوانیش ئەم توێژینەوەیە: بەشێکە لە نامەی دکتۆراکەم لەلایەك، لەلایەکی دیکە ئەگەرچی توێژینەوەیەکی، تا ڕادەیەکی (باش) سەبارەت بە (ئەحمەد موختار جاف) ئەنجام دراوە، بە تایبەت لە لایەنەکانی عیشق و دڵداری و ڕەوانبێژی....هتد، بەڵام ئێمە پێمان وایە کە، تاکو ئێستا چەندین لایەنی گرنگ هەیە لە کاروانی خەباتی شیعری ئەم شاعیرەدا پێویستیان بە لێکۆڵینەوە و

ساغکردنەوە هەیە، ئێمەش هەوڵمان داوە لەسەر لایەنێکی دیکەی ناوەڕۆکی شیعرەکانی ئەم شاعیرە وەها توێژینەوەیەك ئەنجام بدەین، کە ئەویش لایەنی ڕووناکبیرییە، هەربۆیە (ڕۆڵی شیعری ئەحمەد موختار جاف لە بزوتنەوەی ڕووناکبیری کوردیدا) بوو بە ناونیشانی توێژینەوەکەمان.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش و ئەنجام پێکهاتووە، لە بەشی یەکەمدا باسی (زاراوە، چەمك، مێژووی سەرهەڵدانی ڕووناکبیری ئەوروپی)مان کردووە. لە بەشی دووەمدا کە بابەتی سەرەکی باسەکەمانە بەشێك لەو شیعرانەمان شیکار کردووە کە خەسڵەتی ڕووناکبیریان تێدا بەدی دەکەین، لەوانە: گرنگیدان بە زانست و خوێندەواری لە پێناو پێشکەوتن و ڕۆشنبیر کردنی تاکەکانی نەتەوەی کورد، وریاکردنەوەی کۆمەڵگا لە خەڵکی نەزان و هەلپەرست، هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لە سیاسەتی هەرێمی(ئیقلیمی)، هۆشیاری ئاینی و ڕەخنەگرتن لە داب و نەریتە دواکەوتووەکانی کۆمەڵگا و و زڵم و ستەمکاری دەستەڵاتداران.

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتووین بە چەند دەرئەنجامێك بە شێوەیەکی کورت و پوخت خستوومانەتە ڕوو.

کلیلە وشەکان: ڕووناکبیری، هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگا، پێشکەوتن، ئازادی، ڕەخنەگرتن.

**بەشی یەکەم**/ زاراوە و چەمکی ڕووناکبیری:

بزوتنەوەی ڕووناکبیری وەك جوڵانەوەیەکی فیکری و ڕووناکبیری و کۆمەڵایەتی و ڕەخنەی و سیاسی و فەلسەفی، توانی ئاسۆیەکی نوێ لە جیهانی بیرکردنەوە و مەعریفەتدا، لە بنیادی بڕوا بوون بە ئاوەز و بەهاکانی زانست و ئازادی و پێشکەوتن بهێنێتە کایەوە، لەپێناو بەدیهێنانی یەکسانی و مافەکانی تاك و مافی مرۆڤ لە دژی خورافات و بیری دواکەوتوو و ستەم و چەوسانەوە.

سەبارەت بە زاراوەی ڕووناکبیری بە چەند چەشن و شێوازێك ئاماژەی پێدراوە، چ لە ڕووی واتای زاراوەکە و چ لە ڕووی فەرهەنگی زاراوەکەوە، لەبەرئەوەی هەر نەتەوەیەك زاراوەیەکی تایبەتی بۆ بەکاردەهێنێت بە پێی فەرهەنگی تایبەتی خۆیان، بە شێوەیەك زاراوەی ڕووناکبیری لە زمانی نەتەوە جۆر بە جۆرەکانی ئەوروپیدا چەندین زاراوە و دەستەواژەی جیاواز بەکاردەبردرێت. لە زمانی فەرەنسیدا (Lumiere) و لای ئینگلیزیش (Enlighlement) و ئیتاڵیا (Illumismo) هو ئەڵمانیا(Aufklarung) ، هەروەها لە ئیسپانیا (Ilustracion) ی بۆ بەکارهاتووە ، بەڵام لە زمانی عەرەبیدا هەردوو زاراوەی ( الاستنارة - التنویر ) بەکارهاتووە، لە لای فارسەکانیش (ڕۆشنگەری)، کەچی لە فەرهەنگی کوردیدا (ڕووناکبیری و ڕۆشنگەری) بەکارهاتووە.

زاراوەی ڕووناکبیری لە ڕووی واتاییەوە، یاخود لە ڕووی واتای فەرهەنگی زمانەوانیەوە هەندێك لێکچوون سەبارەت بە ڕاو و بۆچوونی زانایان بەدی دەکرێت، ئەگەر چی جیاوازیەکی بەرچاویش دەبینرێت، لەم ڕووەوە بۆچوونی ابن منظور وایە کە زاراوەی ڕووناکبیری بریتیە لە ((کازیوەی بەرەبەیان و پرشنگ دانەوە. )).

ڕووناکبیری زاراوەیەکە بەکاردەبرێت بۆ واتایەکی دیاریکراو بە جۆرێك لای ئەندامانی کۆمەڵگادا واتایەکی ڕوون و ئاشکرای هەیە ((کە تێڕوانینێکی جیاواز هەڵناگرێت، بەڵکو واتایەکی دیاریکراوی هەیە کە دەکرێت لە دوو تێڕوانینی سەرەکی دا کۆ بکرێنەوە، ئەوانیش تێڕوانینی ئاینی کە مەبەست لێی (ڕووناکی خودا)یە، هەروەها تێڕوانینێکی فەلسەفی کە مەبەست لێی (ڕووناکی ئەقڵ)ە. )).

سەبارەت واتا و مەبەستی زاراوەکە لە کتێبە ئاینیەکاندا کۆمەڵێك ئاماژەی بۆ کراوە هەروەکو لە کتێبی گەشتی دروستبوون (سفر التكوين)دا هاتووە: (ثم وجد الله ان النور حسن وفصل بين النور و الظلمات)، ((پەروەردگا ڕووناکی بە جوانی سروشت کردووە و جیای کردۆتەوە لە تاریکی، هەر لەبەرئەوەیە خودای مەزن لە تەوراتدا خۆی بە (ڕووناکی هەتا هەتایی هەمیشەیی) ناو دەبات، پاشان لە ئینجیلدا هەمان وێنەی دووبارە کردۆتەوە)).

لە قورئانی پیرۆزدا سورەتێك بە ناوی (النور) هاتووە، هەر وەك چۆن لە چەندین ئایەتی قورئانیی پیرۆزدا ئاماژە بۆ ئەم زاراوەیە کراوە، لەوانە (({الله نور السماوات والارض}، {قد جاءكم من الله نور كتاب مبين}، {و أشرقت الارض بنور ربها}).

دواتر لە سەردەمی نوێدا ((فەیلەسوفەکان باسیان لەڕووناکی سروشت کردووە و گرێیان داوە بە ڕووناکی عەقڵەوە، هەر وەکو (دیکارت) ڕوونی کردۆتەوە و دواتر شوێن کەوتوانی دیکارتیش بە گشتی پەیڕەویان کردووە)) . بیر و بۆچوونەکانی ڕێنێ دیکارت (1596_1650) یەکەم شۆڕشی لە فەلسەفەی نوێدا بەرپاکرد، زاراوەی ڕووناکی سروشتی هێنایە گۆڕێ پێدەچێت (دیکارت) (( یەکەمین کەس بێت زاراوەی ڕووناکبیری بە واتا نوێیەکەی و جیاواز لە مانا ئاینیەکەی بەکار هێنابێت، بۆنمونە ئەو باس لە ڕووناکی سروشت دەکات کە مەبەستی لێی ئەوەیە: هەموو ئەو ڕاستییانە کە مرۆڤ تەنها لە ڕێی بەکارهێنانی عەقڵەوە پێیان دەگات، بەڵام دیکارت ئەم زاراوەیە وەکو چەکێك دژ بە ئاین، یان پیاوانی ئاینی بەکارناهێنێت، وەکو ئەوەی دوای ئەو ڤۆلتێرو دیدرۆ دەیکەن)).

بە شێوەیەکی گشتی دەکرێت دەرکەوتنی ئەم زاراوەیە بگەڕێنینەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەیەم و پێشکەوتن و داهێنانە جۆر بەجۆرەکانی ئەو سەدەیە.

به تێڕوانین و وورد بوونەوە لەو پێناسانەی کەوا بۆ ڕووناکبیری ئەنجام دراوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە بەلای فەیلەسوفان و ڕووناکبیرانەوە گرنگترین شت ئەوەیە مرۆڤ بە سەربەخۆی و بێ ترس و فشار پشت بە ژیری و مەعریفەی خودی خۆی ببەستێ، لەم خاڵەوە (کانت) دەڵێت: (دروشمی ڕۆشنگەری بریتیە لە ئازابە و بوێربە و عەقڵی خۆت سەربەخۆ بەکار بهێنە)) .

ئەمەش بەو مانایە دێت کە دروشمی سەرەکی بزوتنەوەی ڕووناکبیری ئەوەیە کە دەبێت مرۆڤ چاونەترس و ئازا بێت، لە لایەکی دیکەشەوە پێویستە پشت بە توانا هزری و عەقڵیەکانی خۆی ببەستێت، ئەمەش بەو واتایە دەبێت کە ڕووناکبیری پەیوەست دەکات بە ((دەرباز بوونی مرۆڤ لە بێدەسەڵاتی)) . بەم پێیە مرۆڤ بێدەسەڵاتە لە بەکارهێنانی توانا ژیرییەکانی خۆی لەم بارەشدا لە لایەن کەسانی دیکەوە دەستەمۆ دەکرێت.

دەکرێت بگوترێت ڕووناکبیری ((دەرچوونی مرۆڤە لەو حاڵەتی ئیفلیجی و دەستە وەستانەی کە هەر مرۆڤ خۆی بەرپرسیاری مانەوە و بەردەوامیەتی و ئیفلیجیش ئەو بارودۆخەیە کە مرۆڤ ناتوانێت هزری خۆی لە دەرەوەی ڕێبەرایەتی کەسانی دیکەدا بخاتە کار)) . ئەم حاڵەتە لە مێژووی کۆنەوە، تا سەردەمانی ئێستاش بە پێی کۆمەڵگا جیاوازەکان بوونی بەدی دەکرێت، کە ئەم بارە لە لای ڕابەرانی بزوتنەوەی ڕووناکبیرییەوە کۆمەڵێك هۆکار بوون بە مایەی دروست بوونی مرۆڤی بێدەسەڵات، زیاتر ئەمەش بۆ دوو هۆکار دەگەڕێنەوە کە بریتین لە (ترس و تەمبەڵی.(

کۆمەڵێك لە ڕابەرانی بزوتنەوەی ڕووناکبیری جەخت لەوە دەکەنەوە کە پێویستە بیرلە ئازادی بەکارهێنانی عەقڵ بکەنەوە، لەم بارەیەوە (کانت) دەڵێت ((ڕووناکبیری جگە لە ئازادی هیچی دیکەی مەبەست نییە،ئازادی بە مانا زۆر ڕوون و ئاشکراکەی ئەویش بەکارهێنانی ڕاشکاوانەی عەقڵە لە هەموو بوارەکاندا)).

ڕووناکبیری بە واتا فەلسەفیەکەی ((لەسەر چەمکی پێشکەوتن بونیاد نراوە کە هەڵقوڵاوی بڕوا بوون بە توانای عەقڵی مرۆڤ بوو، لە پێناو پێشکەوتن و گۆڕان و بەرەو پێشچوون و بەرەو چاکتر و باشتر کۆنترۆڵکردنی سروشت و خستنە خزمەتی بەرژەوەندیەکانی مرۆڤ، هەروەها توانای مرۆڤ لە بەرەنگار بوونەوەی ئەو ئاستەنگانەی کە دەهاتە ڕێگەی، ئەوەش بە هۆی لێهاتووی و توانا هۆشەکیەکانی مرۆڤەوە)) . ڕووناکبیری گۆڕانکارییەکی فیکری زۆر بە بایەخ بوو لە عەقڵیەتێکی میتۆلۆژییەوە، ڕامان و ڕاڤە کردنی دیاردەکانی ژیانی مرۆڤ لە ژێر ڕووناکی تێڕوانینێکی ڕەخنەیی کە هەڵگری بنەمایەکی عەقڵانیەت بێت، واتە ڕووناکبیری فۆرمە لە بوونێکی عەقڵانیەت کەوا لە مرۆڤ دەکات بە تێڕوانینێکی ڕەخنەیی بڕوانێتە جیهان و دەوروبەری بۆ خوێندنەو و ڕاڤەکردنی دیاردەکانی ژیانی مرۆڤ، بە پێچەوانەی سەدەکانی ڕابردوو کە لە دیدێکی دۆگمای مەسیحی دەیڕوانیە ژیانی مرۆڤ.

ئەگەر بمانەوێت بەرئەنجامێکی زانستی سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدانی ڕووناکبیری ئەوروپی بە دەست بهێنین ئەوا پێویستە سەرنجی سەرجەمی ئەو دیاردە و لێکەوتە (ئاینی، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی)یانەی ئەوروپا بدەین، چونکە هەریەك لەم پایانە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر مرۆڤایەتی هەیە، هەر ئەمانەشە ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە مێژووی شارستانیەتی ئەوروپیدا و بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵێکی نەرێنیان هەبووە، هەربۆیە چەند ڕۆڵێکی گشتی و تاکە کەسی هاتنە ئاراوە بۆ گۆڕینی ئەو واقیعەی کە گۆمەڵگا پێیدا دەگوزەرا.

گرنگترین بزوتنەوە، بزوتنەوەی ڕووناکبیری بوو، کە جوڵانەوەیەکی هزری و عەقڵی پڕ بایەخ بووە لە مێژووی شارستانیەتی ئەوروپیدا، ئاشکرایە ئەم بزرتنەوەیە ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ چاخی ڕێنیسانس.

ڕێنیسانس ئەو بوژاندنەوە فراوان و فرە ڕەهەندە بوو کە ڕۆژئاوا بە خۆیەوە بینی، کە بەهۆیەوە کۆتای بە سەردەمی تاك ڕەوی دەسەڵاتی کڵێسا و پیاوانی ئاینی و دواکەوتوویی سەدەکانی ناوەڕاست هات و بەرەو قۆناغی ڕووناکبیری و پێشکەوتوو خوازانە هەنگاویان نا، بە شێوەیەکی ڕوونتر ڕێنسانس ((بەو ماوەیە دەگوترێت کە لە داگیرکردنی قوستەنتینیەوە لە لایەن تورکە عوسمانیەکانەوە لە ساڵی 1435ز دەست پێدەکات و بە مردنی شاژنی بە ناوبانگی ئینگلیزی لە ساڵی 1603ز کۆتایی دێت)).

لەم سەردەمەدا ڕێنسانس ((نەخشەی فیکری و سەربازی گۆڕی و ڕۆژگارێکی نوێی بۆ ئەو کیشوەرە ڕەخساند و یەك لە دوای یەك داهێنان و فاکتەری پێشکەوتن سەریان هەڵدا، کە دەکرێت داهێنانی چاپ لە ساڵی 1436ز لە لایەن (یوحەننا گوتێنبرگ)ی ئەڵمانیەوە کۆڵەکەیەکی بەهێزو پتەوی ئەو بوژاندنەوەیە بێت. (( ئەم داهێنانە ناوازەیە وەچەرخانێکی گەورەی بەسەر نوسینەوەی پەرتوکدا هێنا و ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە بڵاوبوونەوە و گەشەکردنی بیر و هزری ڕووناکبیری و شارستانیەتی ئەوروپا بە شێوەیەکی گشتی، کەوا بوو ئەم داهێنانە هۆکارێکی گرنگ و دیار بوو بۆ ئاسان چاپکردن و بڵاو بوونەوەی بەرهەمە فیکری و ئەدەبی و ڕووناکبیری و زانستیەکان ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە زۆر بە ئاسانی و خێرایی لە نێوان چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا بڵاو دەبووەوە و ساناتر بە دەست دەکەوتن.

لە ئەوروپا و بە تایبەت لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گۆڕانکارییەکان لە ئاستی چەق بەستوودا بوون و کرانەوەیەکی ئەو تۆ بەڕووی گەلانی ئەوروپادا نەکرایەوە، تا ئەو ڕادەیە ئاستی دواکەوتووی و ژێردەستەبوون گەشتبووە ترۆپك، ئەمەش کارێکی

وای کرد کە کۆمەڵگا بە ئاگا بێتەوە و تەژمێکی رووناکبیری ئەو تۆ بێتە ئاراوە کە رەگ و ریشەی بەربەستەکانی بەردەم رووناکبیری هەڵتەکێنێت و تا ئاستی پووکانەوەی ببات، ئەمەش بەشێکی زۆری بۆ ئەو کرانەوە و تێکەڵاو بوونەی گەلانی ئەوروپاوە بوو، لەبەر ئەوە ((مەسەلەی گەشتیاری جیهانی رۆڵێکی گرنگی هەبوو لەبڵاو بوونەوەی فەلسەفەی رۆشنگەری بە دونیادا. ((

دالامبێر (1717_ 1783) سەبارەت بە چاخی رووناکبیری دەڵێت ((سەردەمی رێنسانس یەکەمین چەرخی رووناکبیرییە)) . ئەگەرچی هێندەش سانا نییە دەستنیشانکردنی چاخی رووناکبیری، لەبەرئەوە سەرەتاکانی بزوتنەوەی رووناکبیری رەگ و ریشەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش رێنسانس، بەڵام لە ناو جەرگەی رێنسانسەوە چەکەرەی کردوو و پەلی هاویشت، ئەمەش ئەو کاتە زیاتر روون بووەوە، کە لە لایەن (مارتن لۆتەر_ 1519) هێرشێکی گەورەی کردە سەر کڵێسای کاسۆلیکی کە ئەو کات پیاوانی کڵێسا بەو پەڕی هێز و توانایانەوە بەناوی ئاینەوە چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگەیان دەچەوسانەوە، دژایەتیەکی بێشوماریان لەگەڵ نەیارەکانیان دەکرد و بە گومڕا و لە یاسا دەرچوو ناویان دەبردن، کەوا بوو ریفۆرمی ئاینی یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی سەردەمی رووناکبیری.

**بەشی دووەم:** رۆڵی شیعری ئەحمەد موختار جاف لەبزوتنەوەی رووناکبیری کوردیدا:

هاندانی خەڵکی بۆ زانست و خوێندەواری، لە بەشێکی زۆری شیعرەکانی شاعیرانی کورددا رەنگی داوەتەوە، واتا شاعیران گرنگیەگی پتری پێدەدەن بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵگا و گەیشتن بە مافە رەوا و سەرەتاییەکانی هەر تاکێکی کۆمەڵگا، بە شێوازێك بەشێك لە شاعیران تاکە رێگە بۆ دەرباز بوون لە دواکەوتووی و زوڵم و ستەم و ژێر دەستەیی دەبەستنەوە بە پێشکەوتنی زانست و خوێندەوارییەوە، کە ئەم بارەش خەسڵەتێکی دیاری رووناکبیرییە، ئەحمەد موختار جاف (1897_1935) ، ((خاوەنی هەڵوێستی رۆشنبیری بەرپرسانەیە بەرامبەر بەنەتەوەکەی لەهەمووی گرنگتر هۆشیاری زانست و پێشکەوتن خوازی بە بناغەی پێشخستنی کۆمەڵگاکەی دەزانێت و تەنها نەزانین و دواکەوتن بەدوژمنی و لەمپەری سەرەکی دەزانێت)) ، لەم رووەوە لە بەشێکی زۆری شیعرەکانی ئەحمەد موختار بەگی جاف ئەم حاڵەتانە بەدی دەکەین بە ئەندازەیەك ئەحمەد موختار بۆ چارەسەر کردنی زۆر مژاری وەك (ئاین، سیاسی، ئابووری، نەتەوایەتی، کۆمەڵایەتی، نیشتمانی) زانست و خوێندەواری هەڵبژاردووە، لێرەوە ئاستی رووناکبیری ئەم شاعیرە دەردەکەوێت:

غەیری مەکتەب بۆ تەداوی ئێمە هیچ دەرمان نییە
هیچ سلاح چاترلە عیلم و سنعەت و عیرفان نییە

لەم دێرەدا شاعیر زۆر بە روون و رەوانی باسی لە گرنگی زانست و داهێنان دەکات بە شێوەیەك کە تاکە رێگە و باشترین چەك و زانست و داهێنانە، گرنگیدان بە زانست و پێشکەوتنی داهێنانەکان بنەمایەکی سەرەکی رووناکبیرییە، هەربۆیە ئەحمەد موختار قوتابخانە دەکات بە هاندان بۆ سارێژ کردنی سەرجەم ئەو بوارانەی کە رێگرن لە بەرەو پێش چوونی کۆمەڵگەدا، لە لایەکی دیکەشەوە هەڵبەستقان دەیەوێت ئەوەمان پێ رابگەیەنێت کە هیچ میللەتێك بە تایبەیش میللەتی کورد بە شۆڕش و شەڕ سەرناکەوێت ئەگەر بنەمایەکی نازانستی و عەقڵیەتێکی دواکەوتووی لەگەڵدا بێت، چونکە نەزانین وەك زنجیرێك وایە و دەست و چاوی خەڵکی دەبەستێتەوە بە رووی گرفتەکاندا،لەم رووە ئەحمەد موختار دەڵێت:

دەمێکە ئەم وڵاتە وا ئەسیری پەنجەیی جەهلە
لەسایەی عیلمەوە ئیمرۆ ئیتر نۆبەی زەفەرتانە

لێرەدا شاعیر مێژووی دواکەوتووی و شکستەکانی وڵاتمان بۆ دەگێڕێتەوە، مێژوویەك لێوان و لێو لە دواکەوتووی و ژێر دەستەیی، ئەم بارەش دەخاتە ئەستۆی نەزانین، کە بووەتە هۆی ئەوەی میللەت لە سەردەمێکی دەستەو دامانی و نەبینینی چارەسەرێکدا ژیانی گوزەراندووە، بەڵام لە ئەمرۆدا کە رۆژێکی پڕ بایەخە، رۆژی زانست و زانیارییە، رۆژی فرسەت و تۆڵەیە ئیتر دەبێت میللەت ئەم هەلە لەدەست نەدات و بیکاتە داردەستێك بۆ رزگاربوون لە جەنگی دواکەوتووی و دیلیی و ژێر دەستەیی.

بەشێك لە شیعرەکانی ئەحمەد موختار تەرخانراوە بۆ هاندانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بۆ خوێندن و خوێندەواری، لەبەرئەوەی وەکو کەسێکی دیارو رووناکبیرێکی کارامەیی سەردەمی خۆی ئەزموونی بەشێکی زۆری لە خەباتی کۆمەڵگاکەی کردووە و تروسکەی پێشکەوتنی یەکجاری تێدا بەدی نەکردووە، بە شێوازێکی روونتر شاعیر بەشێك لە خەباتی شۆڕشگێری و نەتەوایەتی ئەزموون کردووە، بەڵام خەباتی زانست و خوێندەواری لەم شۆڕشانەدا نەبینیوە، بە مانایەك ئەو شۆڕشگێڕ و سیاسیانەی ئەو سەردەمەی کورد زیاتر چینی نەخوێندەوار و شێخ و ئاغاکان بوون، لە رێگەی شیعری (لەخەو هەڵسن)ەوە کە سروودێکی وریابوونەوە و راپەڕینی کوردایەتی و بانگدانی خوێندەواری و رووناکبیرییە ، هەوڵیداوە پەیامی رووناکبیری خۆی بەمیللەتیکەی بگەیەنێت، بۆیە رووی دەمی لە خەڵکی دەکات و دەڵێت:

لەخەو هەڵسن درەنگە میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەزڵ و هونەرتانە
دەسا تێکۆشن ئەی قەومی نەجیبی بێکەس و مەزڵووم

بەگورجی بیبڕن ئەوڕێگە دووره وا لەبەرتانە
بخوێنن چونکە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان
هەموو ئان و زەمانێ عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

ئەحمەد موختار خوێندن بە شا ڕێگەی بەرگریکردن ناوزەد دەکات بەرامبەر به دوژمنان لەهەرکات و سەردەمێکدا بێت هەر خوێندنە وەك قەڵغان و سیستەمی بەرگرییە بەرامبەر بە دوژمنان، بۆیە هانی خەڵکی و قەومی کورد دەدات بۆ بە دەستهێنانی خوێندن و خوێندەواری، لەبەرئەوە هەرچی هۆکاری پێشکەوتن و زانیاری بێت شاعیر دەیخاتە بەر تیشکی ئاماژە و کۆمەڵگای لێ ئاگادار دەکاتەوە، هەربۆیە سەبارەت بە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و بەتایبەت گۆڤاری (بانگی کوردستان) دەڵێت:

)بانگی کوردستان)ەوادنیای ئیحیا کردووە
زامی قەلبی کوردی بێچارەی موداوا کردەوە
باعیسی پێشکەوتنی ئەم قەومەیە ئەو مەتبەعە
ئەلحەق ئەمرۆ خاکی کوردستانی زێبا کردەوە

ڕۆژنامە و گۆڤارەکان ئامرازێکن بۆ بڵاو بوونەوەی ڕووناکبیری، لەبەرئەوەی بابەتە زانستی و فەرهەنگییەکان زۆر بە ئاسانی بەر دەستی خوێنەران دەگات، ئەمە لە لایەك لە لایەکی دیکەشەوە خەڵکی ئاگاداری ڕووداوەکانی ناوخۆ و جیهان دەبێت کە ئەمیش هۆکارێکە بۆ بڵاو بوونەوەی ڕووناکبیری، ئەحمەد موختار دەکەوێتە ستایش کردنی گۆڤاری (بانگی کوردستان) و بە هۆکاری پێشکەوتنی قەومی کوردی دەزانێت و دەڵێت هۆکاری جوان کردنی خاکی کوردستانە، گرنگیدان بە پەرتوك و گۆڤار و ڕۆژنامەکان کاری ڕووناکبیرانە، لەبەرئەوەشە دەبێت شوێنکەوتەی نووسەران و ئەدیبانی ئەم بوارانە بکەوین، چونکە هەرئەوان دەرمانیان پێیە بۆ سارێژ کردنی دەردی نەزانین لێرەوە ئەحمەد موختار دەڵێت:

کوانێ خەڵقینە لە کوێن فیرقەی مونەوەرتینەتان
چونکە ئەو فیرقە ئەزانن دەرد و ئازاری وەتەن

ئەحمەد موختار لە ڕێگەی مۆنۆلۆگەوە دەکەوێتە پرسیار کردن لەو دەستە خوێندەوارە ڕووناکبیرەی کە بوونە هۆی پێشکەوتن و ئازاد کردنتان لە دواکەوتووی و ژێر دەستەیی، ئەو چینە ڕووناکبیرە بە سارێژکەری دەرد و ئازاری وەتەن دەزانێت شاعیر هەمیشە گرنگی بە خوێندن و کەسانی ڕووناکبیر داوە و بە سەرچاوەی سەرکەوتن و پێشکەوتن و ئازادی دەزانێت، ئەمەش خاڵی ڕووناکبیری هەڵبەستڤان دەستنیشان دەکات.

ئەحمەد موختار وەك هەڵبەستڤانێکی خاوەن زانست و ڕووناکبیر هەمیشە هانی خەڵکی داوە بۆ زانست و زانیاری و لە هەمانکاتدا گۆمەڵگای لە مرۆڤی نەخوێندەوار و نەزان ئاگادارکردۆتەوە و لە زۆر کاتدا خۆیشی وەك نموونە پیشانداوە، کە هەمیشە خۆی لە کەسانی ئەحمەق و نەخوێندەوار دەپارێزێت، هەروەکو دەڵێت:

نزیکی پیاوی ئەحمەق باعیسی فەوتانی ئینسانە
هەتا عومرم بێ قەت من ڕەفیقی پیاوی کەرناکەم
کە من مائیل بە خێرم خیلقەتەن (ئەحمەد) بەخۆڕایی
وەکو ئینسانی جاهیل مەیلی فیتنەو شۆڕ و شەڕناکەم

لێرەدا شاعیر پیاوی ئەحمەق و نەزانی خستۆتە بەر ڕەخنە و بە شێوەیەك بە مەترسی داناوە کە دەبێتە هۆی لەناوبردنی ئینسانی عاقڵ و ڕووناکبیر، لەبەرئەوە مرۆڤی نەزان بەردەوام حەزی لە فیتنە و شەڕوشۆڕە، کە وابوو کەسێکی ڕووناکبیری وەك ئەحمەد موختار بە شێوەیەك پەروەردە کراوە کە هەمیشە حەز و ئارەزووی لە چاکە و خێرە، کە ئەمەش ڕەفتاری کەسی ڕووناکبیرە، بەپێچەوانەوە کەسی نەزان کە هەمیشە ڕوو لە چاکە و ئاشتی خوازی ناکات بە شێوەیەك کە تەنیا هەوڵی بە دەستهێنانی دەستکەوتی تاکە کەسی خۆیان دەدەن کە وەکو ئەحمەد موختار دەڵێت:

جاهیلان بۆ ئیستفادەی زاتی خۆیان ڕۆژ و شەو
لەم موحیتە مەنعی عیلم و سنعەت و عیرفان ئەکەن

کەسی نەزان و جاهیل هەمیشە بەر لێشاوی ڕەخنەی ڕووناکبیران دەکەون، ڕووناکبیرێکی وەکو ئەحمەد موختار هەمیشە هێرشی ڕەخنەیی کردۆتە سەر مرۆڤی نەزان و جاهیل بە ڕێگر لە بەردەم بڵاوبوونەوەی زانست و داهێناندا داناوە، ئەمە زیاتر ڕووناکبیری شاعیر وەدەردەخات و تاڕادەی نزا لێکردن دەچێت و نزایان لێ دەکات بەهۆی ئەو دواکەوتووی و هەڵپەرستانەوە، هەروەکو ئەحمەد موختار دەڵێت:

ڕوو ڕەشی دنیا و قیامەت ئەو نەفامانەن کەوا
هەجووی قەوم و میلەتی خۆیان بە پارە و نان ئەکەن
ئاسمان ئێستا وەها چەرخاوە جاهیل غاڵبە
گوربە و ڕێوی خەیاڵی مەرتەبەی شێران ئەکەن

لێرەدا ئەحمەد موختار گلەیی لە ئاسمان و زەمانەدا دەکات کەوا گۆڕاون ڕێگەیان بۆ کەسانی نەزان و هەلپەرست خۆش کردووە و سەرکەوتوویانی کردووە بەسەر کەسانی ڕووناکبیر و نەتەوەییدا، ئاشکرایە لەسەروبەندی سەردەمی شاعیردا هەستی نەتەوایەتی بە شێوەیەکی ڕێژەیی نەبووە ئەگەر هەشبووبێت تەنها لە ناوچەیەکی دیاریکراودا بووە، لەو ناوچانەش خەڵکی هەلپەرست بوون بە داردەستی و نۆکەری بێگانە و داگیرکەران تەنها بۆ وەرگرتنی هەندێك پارە و پول، هەربۆیە ئەحمەد موختار بەر ڕەخنەیان دەدات و کۆمەڵگایان لێ وشیار دەکاتەوە، لەبەرئەوەی خۆی ئەزموونی ئەو جۆرە کەسانەی کردووە، واتە لە ڕێگەی ڕووناکبیری و هزر کاراوەییەوە دەستی کردووە بە

ڕەخنەگرتن تەنانەت بە سەرسوڕمانەوە لەو جۆرە کەسانە دەڕوانێت و دەڵێت:

خەڵقە بەعزێ کەس لە ئینسانی چی یان دیوە زەرەر

وا هەمیشە مەشقی وەحشی و پەیڕەوی حەیوان ئەکەن

ئاشکرایە کە کەسی ڕووناکبیر و پێشکەوتنخواز هەمیشە هەوڵی باشکردنی ڕەوشی کۆمەڵگاکەیان دەدەن و وەکو مرۆڤ مامەڵە دەکەن، ئەحمەد موختار بە سەرسوڕمانەوە دەڵێت داخۆ چ شتێك هەیە مرۆڤ، مرۆڤ بوونی خۆی لە دەست بدات؟ و وەك وەحشی و ئاژەڵ ڕەفتار دەکەن، بەو جۆرە تەماشا کردنی مرۆڤی نەزان و هەلپەرست تەنیا کاری ڕووناکبیرانەیە لەم چوار چێوەیەوە دەکرێت ئەوە بگوترێت کە ئەحمەد موختار شاعیرێکی ڕووناکبیر و هزر کراوە و داهێنەرو زانست خواز بووە.

هەروەك دەردەکەوێت شاعیر شارەزاییەکی باشی لە سیاسەت و فەرمانڕەوایدا هەبووە، بەو پێیەی کە لە چەند کایەیەکی سیاسیدا ئەزموونی هەبووە و بەشدارییەکی بەرچاوی هەبووە، بە هۆی ئەو ئەزموونەیەوە هەوڵی ورياکردنەوەی خەڵکی داوە لە سیاسەتە نێوخۆی و هەرێمییەکان، لەبەرئەوەی ئەو بەدیدێکی ڕەخنە گرانەوە دەیڕوانییە هاوکێشە سیاسیە نێودەوڵەتیەکان بە جۆرێك لە کاتی بانگەوازی ئازادی و یەکسانی لە جیهاندا بەهۆی شۆڕش و دەستکەوتەکانیەوە، شاعیر دیوێکی دیکەی ئەم دروشمانەی دەخوێندەوە و بەرئەنجامەکەی لە ناو کوردستاندا تاوتوێ دەکرد و خەڵکی لێیان ئاگادار دەکردەوە لەم بارەوە ئەحمەد موختار دەڵێت:

لانەواز و بێکەس و مەزڵوومن ئێستە قەومی کورد

گا بە دەستی تورکەکان و گا بە دەستی ئێرانەوە

ئیسمی ویجدان و عەدالەت بێ موسەممایە و درۆ

بۆ سیاسەت ئەم قسە کەوتۆتە سەرلێوانەوە

لێرەدا ئەحمەد موختار بە هۆی ئەو ڕووناکبیرییەی کە لە سیاسەتدا هەیبووە پەیامێکی ڕووناکبیرانە ئاڕاستەی قەومی کورد دەکات و پێیان ڕادەگەیەنێت کە ئەم دروشم و وتافانەی کە لە مەڕ یەکسانی و دادپەروەرییەوە دەگوترێت هەرهەمووی قسەیە و شتێکی لێ سەوز نابێت بۆ میللەتی کورد و هەمووی درۆیە، هەروەها بەڵگەی ئەوە دەهێنێتەوە و دەڵێ ئەی ئەگەر ڕاستە بۆچی میللەتی کورد هەر جارەی دەکەوێتە ژێر دەستی نەتەوەیەکی داگیرکەری وەك (تورك و فارس) ئەی بۆ چی؟ میللەتی کورد هێندە لانەوازن؟ بۆچی ئەم دادپەروەرییە نایەت ببێتە پاڵپشت و پشتیوانیان؟ دیارە ئەحمەد موختار زۆر بە ڕوون و ئاشکرا ڕەخنە لە سیاسەتی نێو دەوڵەتی و هەرێمی دەگرێت و بە درۆیان دەخاتەوە، ئەم بیری ڕەخنەییە خۆی لە خۆیدا بنەمایەکی گرنگی ڕووناکبیری شاعیر بە دەردەخات و زیاتر لەم بارەیەوە چاو کراوەمان دەکات و دەڵێت:

ڕاستە گەرئیسمی عەدالەت بۆچی منداڵانی کورد

وێڵ و سەرگەردان بسووڕێنۆ بەسەرکێوانەوە

هێندە حیزە بەختی کورد بۆ کوشتن و تاڵانیان

کۆمەڵێ هاتوون بە سواری (..........)

لێرەدا شاعیر هاوکێشەیەك دەخاتە ڕوو لە نێوان ئاوارە بوونی منداڵانی کورد و ناوی دادپەروەریدا، دواتر ڕەخنە لە دروشمەکانی دادپەروەری دەگرێت و پێی وایە ئەو دروشمانە هیچی بەرهەمی نابێت و هیچ سودێکی بۆ میللەتی کورد تێدا نییە، ئەگەر وا نەبێت ئەی بۆچی؟ میللەتی کورد هێندە بەدبەختە هەر بەشی کوشتن و تاڵانییە، ئەی بۆچی؟ ئەم دادپەروەرییە نایەت بە هانایەوە، ئەم گریمانە و پرسیارانە بۆ وریا کردنەوەیەکی ڕووناکبیرانەی میللەتە، کە ئەحمەد موختار بەهۆی لێهاتوویی و ڕووناکبیری خۆیەوە پەی بە ناوەڕۆك و مەبەست و دروشمەکانی دادپەروەری بردووە و لە ئەنجامدا بە بەراورد کردنی هاوکێشەکان گەشتۆتە ئەو بڕوایەی کە ئەم دروشمانە هیچی ڕاست نییە و تەنها ناو و قسە زیاتر هیچی دیکە نییە و هیچی لێ سەوز نابێت، هەر بۆیە دەڵێت:

حاڵی کورد ئێستا لە بەینی تورك و ئێران(....)

بێچوە تەیرە کەوتووەتە داوی منداڵانەوە

ئەم قەراری عوسبە وا خەڵقی ئەڵێن بۆ کورد ئەبێ

هەر قسەی ڕووتە و قسە ناچێتە ناو گیرفانەوە

دیسانەوە ئەحمەد موختار وەك ڕووناکبیرێك دەردەکەوێتەوە کاتێك زۆر ڕوون و ڕاشکاوانە نەك تەنها ڕەخنە لە دروشمی دادپەروەری دەگرێت، بەڵکو ڕەخنەش لەو کەسانە دەگرێت کەوا بیر دەکەنەوە ئەم دروشمانە بە قازانجی کورد دەبێت، بەڵام شاعیر هەرزوو درك بە ناڕاستی ئەم بۆچوونانە دەکات و ئاگاداری میللەت دەکاتەوە لە بەرئەنجامە خراپەکانی، لەبەرئەوەی حاڵی میللەتەکەی دەبینێت لە بن دەستی تورك و فارسدا و هیچ وڵات و نەتەوەیەك بە دەنگ نایەن تەنیا خەمی فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیانن لە کوردستاندا.

شاعیرانی کلاسیك بەشێکی زۆری شیعرەکانیان تەرخان کراوە بۆ مەبەستی عیشق و دڵداری، ئەحمەد موختاریش وەك شاعیرێکی کلاسیك بەهەمان ڕێچکە کاری کردووە، بەڵام لەکاتی ناخۆشی و کارەسات و مەترسیەکاندا دەستی لە مەسەلەی عیشق هەڵگرتووە و هەوڵی وریا کردنەوەی کۆمەڵگای داوە، نەك هەرئەمە بگرە ڕەخنەی لە شاعیران گرتووە و پێیان ڕادەگەیەنێت

کەواز لە مەسەلەی عیشق و دڵداری بهێنن و هەوڵی چارەسەرکردنی دۆزی نەتەوەیی بدەن.

لادە شاعیر تۆ لە باسی عەشقبازی و سەیری کە

چۆن خەریکن چەن کەسێ ئێستا وەتەن وێران ئەکەن

ئەحمەد موختار پەیامێکی رووناکبیری گرنگ ئاڕاستەی شاعیران دەکات و ئاگاداریان دەکاتەوە لەوەی کە چۆن چەند کەسێکی سیاسی وەختە وەتەن بەرەو هەڵدێر و وێران کردن دەبەن کەچی ئەمانیش سەرقاڵی عیشق و عیشقبازین، لێرەوە رووناکبیری ئەحمەد موختار دەردەکەوێت کە ئاگاداری هاوکێشە سیاسیەکانە و دەیەوێت بەو رووناکبیریەی خۆی بەر بەو لێشاوە خراپەی بەشێك لە سیاسیەکانی ناو دەزگای دەوڵەت بگرێت، رێگە نەدات وەتەن بەرەو هەڵدێر ببەن، لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

شاعیرانی کورد بەسە بەس باسی زوڵف و چاو بکەن

کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵووزاو بکەن

لا بدەن کەم باسی سونبول و یا لقی لاولاو بکەن

ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵ سووتاو بکەن

زووبەزوو تا ئیش لە دەست دەرنەچوە سا هەوڵێ بدەن

شاعیر رووی دەمی لە هاوپیشەکانی خۆی دەکات، کە ئەوانیش شاعیرن پێیان ڕادەگەیەنێت کە حاڵی میللەت لە بارێکی خراپ و نا هەموار دایە و وەختە بکەوێتە ژێر دەستەیی و داگیر کاریەوە، کەچی ئەمانیش هەر خەریکی یار و خاڵ و پەرچەمی یارن.

لێرەوە پەیامێکی رووناکبیری بەدی دەکەین ئەویش ئەو خەم خۆری و هۆشمەندییەی شاعیرە سەبارەت بەو پلان و خراپەکارییەی بەرامبەر بە میللەتەکەی لە ئارا دایە، هەربۆیە دەیەوێت بە لێهاتووی و رووناکبیری خۆی چارەسەرێکی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی میللەتەکەی بە سەربەستی بژیت، ئەحمەد موختار دەڵێت:

ئێوە تەعریفی مەی و پیاڵە و گوڵ و سەهبا ئەکەن

دائیما هەر باسی لەنجە و قامەتی رەعنا ئەکەن

سەرخۆشی خۆشە، وەیا سەربەستی؟ بۆچی وا ئەکەن

تاکو کەی ئێوە قسەی وا پووچ و بێ مەعنا ئەکەن

زوو بە زوو تا ئیش لە دەست دەرنەچووە سا هەوڵێ بدەن

دیسانەوە پەیامێکی رووناکبیرانە و ژیرانە ئاڕاستەی شاعیران دەکات لەرێگەی پرسیارێکەوە کە ئەویش دەڵێت ئایا سەربەستی باشە یاخود سەرخۆشی؟ بێگومان وەڵامی کەسی رووناکبیر سەربەستییە بۆیە شاعیر پرسیارێکی لەو شێوەیە دەهێنێتە گۆڕێ، لە لایەکی دیکەوە هەموو ئەو هۆنراوانەی ئەوان لەم کاتانەدا کە کاتی خەبات تێکۆشانە بە قسەی پڕو پوچ ناوزەد دەکات، وەك خۆی دەڵێت واز لە مەسەلەی لاوەکی بهێنن کە مەسەلەی عیشق و دڵدارییە و بێنە سەر مەسەلەی سەربەستی و تێکۆشان، ئەمەیە رووناکبیری ئەحمەد موختار لەبەرئەوەی کەسی رووناکبیر نە بە ژێر دەستەیی ڕازیە و هەمیشەش لە هەوڵ و گەڕان دایە، بۆ دۆزینەوەی رێگە چارەیەك بۆ کێشەکانی سەردەم، زۆر جاریش لەرێگەی رەخنە گرتنەوە ئەم کارە دەکرێت، کە ئەمەش خاڵێکی گرنگی بزوتنەوەی رووناکبیرییە، لە جێگەیەکی دیکەدا حاڵی ناخۆشی و گریانی خۆی بۆ شاعیر و خەڵکی روون دەکاتەوە و دەڵێت:

حەقمە من شەوتا بەیانی ئارەزووی گریانمە

شێت نەبووم وا دایما هەر مەیلی قوڕ پێوانمە

رۆڵە مردوو نیم بزانن شیوەنی کوردانمە

بێت و تەحلیلی بکەن دیجلەش قنگاوی وانمە

زووبەزوو تا ئیش لەدەس دەرنەچوە سا هەوڵێ بدەن

ئەم شاعیرە رووناکبیرە لە ناو پلە و پۆستی حکومیدا بووە، بۆیە لە پلانەکان و کێشەکان ئاگادار بووە و هەر بۆیەش هەمیشە مەترسیەکانی لەبەر چاو بووە و هەوڵی داوە خەڵکی لێ ئاگادار بکاتەوە و بە زمانێکی رووناکبیرانە و هزرمەندانە ویستوویەتی پێیان ڕابگەیەنێت، کە ئەو گریان و شیوەنەی بۆ خەڵکی کوردستانە نەك بۆ شتێکی تایبەت بە خۆی، هەر بۆیە رووی لە خەڵك و شاعیران دەکات و دەڵێ ئەگەر شیکردنەوە بۆ دیجلە بکەن رەنگە وەك فرمێسکەکانی من بێت، شاعیر هەمیشە هەوڵی روونکردنەوەی کێشەکانی داوە کە ئەمیش سیفتێکی رووناکبیرانەیە، هەمیشەش بێ ئومێد نەبووە، بۆیە دەڵێت ئێستاش هەل ماوە ئەو هەلەش لە دەست مەدەن، کەوایە یەکێکی دیکە لە خسڵەتەکانی رووناکبیر ئەوەیە کە هیوا بڕاو نەبێت، ئەم خەسڵەتەش لە شیعرەکانی ئەحمەد موختاردا بە روون و ئاشکرایی بەدی دەکرێت.

**ئەنجام:**

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتووین بە چەند دەرئەنجامێك لێرەدا خستوومانەتە روو:

1- بزووتنەوەی رووناکبیری، بزوتنەوەیەکی پڕ بایەخ و گشتگیر و هەمەلایەن بووە و سەرجەم بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئاینی، ئابووری، کلتوری) گرتەوە.

2- بزوتنەوەی رووناکبیری، لە ناوەڕاستی سەدەی حەڤدەیەمەوە دەستی پێکردو لە سەدەی هەژدەیەمدا گەیشتە لووتکەی گەشەسەندن، ئەم بزووتنەوەیە لە ئەوروپا دەستی پێکرد لە رێگەی عەرەب و فارس وتورکەوە، پەیامی ئەم بزوتنەوەیە گەیشتە لای نەتەوەی کورد کە ئەمەش بەشێکی زۆری لەرێگەی شاعیرەکانەوە بوو.

-3 ئەحمەد موختار یەکێکە لە شاعیرە سیاسی و نەتەوەیی و ڕووناکبیرەکانی کورد، هەر بۆیە بەشێکی زۆری شیعرەکانی بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردووە.

-4 شاعیر گرنگیەکی زۆری بە مەسەلەی خوێندن و خوێندەواری و زانست داوە و بە شارێگەی ڕزگاری نەتەوەیی زانیوە.

-5 شاعیر هەمیشە کۆمەڵگای لە سیاسەتی وڵاتانی هەرێمی و جیهان ئاگادار کردۆتەوە و هەمیشە بە چاوی ڕەخنەگرتنەوە ڕوانیویەتی دروشمەکانی ئازادی و دادپەروەری و بە هۆشیاریەوە کۆمەڵگای بە ئاگا هێناوەتەوە لە دەرئەنجامەکان.

-6 شاعیر بەردەوام ڕەخنەی لە مرۆڤی هەلپەرست و بەرژەوەندی خواز گرتووە و بە ئاژەڵ و شتی قێزەون و ناشرین چواندوونی.

-7 شاعیر هەڵگری بیرێکی قوڵ و پەیامێ ڕووناکبیری و نەتەوەیی و سیاسی و هزر کراوەیە، هەمیشە بە چاوی ئومێدەوە ڕوانیویەتیە ئاسۆی گەشی نەتەوەکەی.

**سەرچاوەکان:**

**قورئانی پیرۆز.**

**یەکەم: کوردی**

1- دیوانی ئەحمەد موختار جاف، عیزەدین مستەفا رەسول، چاپخانەی تاران -پەنجەرە، 2016، 114.

2- سیدنی دارك، مێژووی ڕێنسانس، وەرگێڕانی ئەبوو بەکر خۆشناو، چ 1، چاپخانەی داناز، 2002، ل 3.

3- عەلائەدین سوجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی، ژاپی دووەم، چاپخانەی مەعارف، بەعداد، 1971ز.

4- کۆمەڵێك نوسەر، رۆشنگەری سەردەمی عەقلانیەت، چاپی یەکەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، 2017.

5- مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، 2010.

6- د. محەمەد دلێر ئەمین، د. فازیل مەجید مەحموود، حاجی قادری کۆیی لە بازنەی رۆشنگەریدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە 4، 2014

7- مەریوان وریا قانع، دەربارەی فەلسەفە و ئیسلام و رۆشنگەری، لەبڵاو کراوەکانی ناوەندی ڕەهەند بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، 2002.

**نامەی زانکۆیی:**

8- ئارام محمد، رۆڵی شیعرلە بزوتنەوەی رۆشنبیری کوردیدا،نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زمان 2010.

**گۆڤار:**

9- لهۆن قادر، ئەحمەد موختار جاف وەك چەشنێك لە رۆشنبیر، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆیی، بەشی دوو، ژمارە 4، ساڵی 2016.

**دووەم: عەرەبی:**

10- ابراهيم الحيدري، النقد بين الحداثة و ما بعد الحداثة، النقد بين الحداثة وما بعد الحداثة، دار الساقي، ط1، بيروت، لبنان، 2012م.

11- امانويل كانت ((الاجابة علي سؤال التنوير؟))، ترجمة: عبد الغفار مكاوي، في: زكي نجيب محمود، فيلسوفا و أديبا و معلما، كتاب تذكاري، جامعة كويت، 1987.

12- بيار- ايف بوروبير، أوروبا التنوير، ترجمة: د. محمد علي قلاد، ط 1، دار الكتاب/بنغازي – ليبيا، 2006.

13- د. الزواوي بغورة، ما بعد الحداثة والتنوير، موقف الانطولوجيا التأريخية، دراسة نقدية، دار الطبعة و النشر، بيروت، ط 1، 2009 .

14- د. عبدالعزيز بن عثمان، مفهوم التنوير في التصور الاسلامي، منشورات المنضمة الاسلامية للتربية والعلوم والثقافه في ايسيسكو، الرباط- المملكة، ط 1، 2015م .

هاشم صالح، مدخل الي التنوير الاوروبي، دار للطابعة والنشر، بيروت- لبنان، ط 1، 2005 .